بە تۆمەتی دزینی بانک پارە و ئاتون دوو تۆمەتبار لە شاری سلێمانی دەستگیرکران



بە تۆمەتی دزینی پارە و ئاتون دوو تۆمەتبار لە شاری سلێمانی دەستگیرکران.

بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی ئەمڕۆ سەشەممە ڕایگەیاندووە، لەسەر سکاڵای دوو هاوڵاتی و لەلایەن مەفرەزەکانی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی کوردستانەوە دوو تۆمەتبار دەستگیرکران.

دوای ئەوەی دوو هاوڵاتی سکاڵایان تۆمارکرد کە لەیەکێک لە پێڕەو نیشتەجێبووەکانی شاری سلێمانی پارەو ئاتونیان لێدزراوە، هێزەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانیان دەستپێکرد و دوای وەرگرتنی بەیاری دادوەر توانرا لەلایەن مەفرەزەکانی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی کوردستانەوە تۆمەتباران بدەزرێنەوەو دەستگیربکرێن، لێکاتی دەستگیرکردنیشیاندا دەستگیرا بەسەر بانک دەلاری ئەمریکی و ئاتوندا.

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاندووە, لێئستادا هەریەک لە تۆمەتباران (أ، ع، ع لەدایکبووی 2003 - أ، ع، ع لەدایکبووی 2006) بەبەیاری دادوەرو بەپێی ماددەی 443 لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراون.